# گوشاری سەر مەلاکانی تاران زیاتر دەبێت

**بورهان ئەردەم- برۆکسل**

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێ**

جورج بۆش سەرۆکی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا زمانێکی نەرمتر لە بەرامبەر ئێران بەکاردەهێنێت، بەتایبەت ئەم نەرمییە دەربارەی شەڕێک لەگەڵ ئێران جورج بوش خۆی باسیان لێوەدەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ بە تایبەتیش بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دیالۆگ، لەبەر ئەمەش هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ئەوروپا ماوەیەکی زۆرە ئەم ڕێگای دیالۆگە پێشنیار دەکەن. وا دیارە ئەم ڕێگایەش ناتوانێت ئێرانییەکان ڕازی بکات، واپێدەچێت ئەوروپییەکانیش ئەم ڕاستییەیان لەلا گەڵاڵە بووبێت، لەبەر ئەمەش هەڵوێستی ئەوروپییەکان ڕەنگە توندتر بێت. ئێستاش لەگەڵ ئەم نەرمبوونەی کە لە زاری جورج بوش بیستراوە موداخەلەی سەربازی دژی ئێران وەک ئیحتمالێک لەسەر زاری دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا هەیە، هەرچەندە ئەگەر بەشێک لە سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا لە دژی موداخەلەیەکی سەربازی بن لە دژی ئێران، بەڵام بۆ موداخەلەیەکی قسمی دەستووری ئەمەریکا ڕێگا دەدات، دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی ئێران بڕیارەکانی نەتەوە یەککگرتووەکانی دەربارەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی پێک ناهێنێت، دەخوازن تەدبیری بەهێزی لە بەرامبەر وەربگرێت.

ئەو دەسەڵاتدارانە باسی شەڕ ناکەن، بەڵام بە شێوەیەکی تر باسی بەکارهێنانی هێز و موداخەلەی سەربازی دەکەن بۆ ئەم دەسەڵاتدارانە، ئەو موداخەلەیە وەکو ڕێبازێکە لەسەر مێزەکان، هاوکات لە ماوەی ئەم دواییەدا ئەمەریکا دوو تیمی کەشتی شەڕ و فڕۆکەوانیی ڕەوانەی کەنداوی بەسرە کرد.

لەمانەش زیاتر شتێکی تر هەیە بۆ موداخەلەی ئەمەریکا، ئەویش هەبوونی پەنجەی ئێرانە لەناو کاروباری عێراقدا، ماوەیەکە ئەمەریکا ئێران بە پشتگیریکردنی تیرۆریستان تاوانبار دەکات، دواجار تاوانبار کردن لەلایەن دەسەڵاتدارێکی ئیستخبارات کە لە بەغدایە بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ دوا و بێ ئەوەی ناوی ئاشکرا بکات گوتی: هێزی ئەلقودس کە گرێدراوی سوپای پاسدارانی ئێرانە، بۆ تیرۆریستان ماددەی تەقەمەنی دابین دەکات، کە ١٧ سەربازیان بەو ماددانە هاتوونەتە کوشتن.

مژاری ئێران سەری تورکیاشی جەنجاڵ کردووە، تورکیا لەسەر ئاستەنگ کردنی بەرژەوەندی کوردان لەگەڵ ئێران پەیوەندی هەیە، لەبەر ئەمەش لە ژێر فشاری ئەمەریکا و ئیسرائیلدایە، لە سێ سەردانی ئەم دواییەدا ئەم فشارانە بە زەقی دیار بوون، لە گەشتەکەی وەزیری کاری دەرەوە (عەبدوڵڵا گول)، فەرماندەری گشتی سوپا (یەشار بیوک ئانت)دا بۆ ئەمەریکا هەستیاری خۆی دەربارەی ئەم مژارە هێنایە زمان، هاوکات لەکاتی سەردانەکەی سەرۆک وەزیری ئیسرائیل ئەیهۆد ئۆلمەرت بۆ تورکیا، مژاری ئێران لەسەر مێز بوو.



بە زمانێکی دیبلۆماتیک بە تورکیایان گوت کە کاریگەری لەسەر ئێران هەیە و پێویستە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل ئەم کاریگەرییەی خۆی بەکاربهێنێت، لەبەر ئەمەش پێویستە دەسەڵاتدارانی تورکیا سەردانی ئێران بکەن و پێیان بڵێن دەست لە بەرنامە ئەتۆمییەکە بەردەن، ئیتر پشتگیری لە تیرۆریستانی عێراق نەکەن و چەک بۆ حزبوڵڵا و حەماس نەنێرن، ئەگەر تورکیا نەتوانێت ئەمانە بکات ئەوا ناتوانێ پشتگیری لە ئێران بکات، بێگومان لە بەرامبەر ئەمانەشدا زۆر بەڵێن بە تورکیا دراوە، ئەم بەڵێنانەی بە تورکیاش دراون مژاری نووسینێکی دیکەیە.